www.kurdistannet.org
15/07/2003 12:36

# جارێ زووه براكەم !:
# (مەرگی ناوەختی كاكە واحدی مەزن)

شەوی شەممە ڕێكەوتی ٥/٤/ تەموزی ٢٠٠٣، مەرگی ناوەخت بووه میوانی كاكە (عبدالواحد سمایل مەزن) و، ئەوەش غەم و كەسەرێكی زۆری لە لای كەس و كار و دۆست و برادەرەكانی دروستكرد، چونكە هێشتا تەمەنی ئەو گەنجە ڕوح سووكە بەریەوه مابوو تا پتر تام و چێژ لەو ڕۆژانە بكا كە هێشتا نەیبینیبوو، مردن لە ناكاو هەموو ئەو خەون و هیوایانەی ڕەش كردەوه كە جوانە مەرگ بۆ خۆی و دایكە داماوەكەی و خێزان و نەتەوەكەی بەتەمایان بوو.

عبدالواحدی جوانەمەرگ، مرۆڤێكی سادە و ساكار و، ڕەوشت بەرز، ڕاستگۆ و خۆشەویست بوو لای هەمووان چونكە لە خێزانێك پەروەردە كرابوو، كە هەر زوو بیرۆكەی كوردایەتی و بە گژداچوونەوەی زوڵم و ستەم وەك ناسنامەیەك لە یەخەی هەڵواسرابوو بۆیە خۆشەویستی و ڕێزگرتن بۆ خەڵك و دڵسۆزی بۆ گەل و نەتەوە لای ئەو بەرز ڕاگیرابوو.

بەڵام كەی مرۆڤی پاك و ڕاستگۆ لە نێو كۆمەڵگای ئەو سەردەمە جێگای دەبێتەوه؟ ئەگەر چی مرۆڤێكی ئیشكەر و كارامە بوو، بەڵام گرفتەكانی ژیان لە نێو كوردستان خەم و گرفتی لە ناخیا دروستكردبوو بەو پاكی و سادەییە ڕووی لە هەندەران كرد، بەڵام هەندەرانیش فریای خەونە پاك و جوانەكانی نەكەوت ئەو ئەوروپایەی كە لە خەونی سەدان ڕۆڵەی وەك جوانە مەرگ بەهەشتە، لە ڕاستیدا دۆزەخێكە بۆ مرۆڤی خاوێن.

لە ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ جوامێرانە لەگەڵ هاوڕێ و برادەرانی لە ڕزگاركردنی شاری هەولێر و پاشان شاری كەركوك بەپێی توانا دریغی نەكرد وێرای ئەوەی لە ڕۆژانی سەختی خەباتی ژێر زەمینی كە ماڵەكەیان و دوكانی (پەراوگەی گۆران) كە ئەو سەرپەرشتی دەكرد و یەكەمین كۆبوونەوەی ئامادەكاری و بۆ ڕزگاركردنی شاری هەولێر لە ماڵەكەی ئەوان پێك هات (سەلاح مەزن) برای جوانەمەرگ لە وتاری مەراسیمی ناشتنی تەرمە بێگەردەكەی وتی (ئەگەر كاكە واحد هاوكار و پیشتیوانم نەبوایە من ئێستا ڕەنگ بوو ئەو برابچوكەی ئێوەم لێ دروست نەبایە) .

ئەمجا كاكە واحد وەك هەزاران ڕۆڵەی كورد لە ئەنجامی باری نا لەبار و ئاڵۆزی كوردستان بە هۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، هەڕەشەكانی ڕژێمی گۆڕ بە گۆڕ بۆ سەر كوردستان ڕووی لە هەندەران كرد بە هیوای دۆزینەوەی ئارامگایەك و دابین كردنی ژیانێكی ئاسوودە بۆ خۆی و خێزانەكەی دیارە دابین كردنی سەفەری ڕەسمی و بێ زەحمەتی بۆ كوری باش و دڵسۆز دەستە بەر ناكرێ، چونكە ڕێگای پڕ لە گرفت و مەترسی نێوان دەوڵەتان مەترسی قاچاخچی درەندە و جەندرمە و شەپۆلی بێ ئەمانی دەریا چارەنووسی سەدان لە ڕۆڵەكانی نەتەوەكەمان گیرۆدەی تراژیدیای مەرگ كردووە.

دیارە كاكە (واحیدی) ش یەكێكە لە قوربانیانە، دوای مانەوەی زیاتر ساڵ و نیوێك لە یۆنان و پاشان زیاتر لە پێنج ساڵ لە هۆڵەندا كەچی ئەوەی پێ ڕەوا نابینرێ بچوكترین مافی پەنابەرێتی و بگرە مافی مانەوەی لەو ولاتە پێ بدرێ بۆیە بە ناچاری و دوای ماندوو بوونێكی زۆر ڕوو دەكاتە لەندەن ئەگەر چی هەر زوو بە ناوێكی خوازراوی دیكە (عبدالله مستەفا شەریف) داواكاری خۆی پێشكەش دەكات، (الشەرەفی) بنەماڵەی خاتوو (شەمسەخان) ە، ئیتر ئەو بنەماڵەیەو خاتوو شەمسە بۆ كاكە واحد دەبنە كەس و كار و پەناگە، بەڵام كۆمەڵگای بێ ڕەحمانەی لەندەن و ئەوروپا هێندە ئەو مرۆڤە ناسك و بێ گەردەیان گۆشیبوو ئازاری زۆری بە دەست بێجێگایی و دابین كردنی بژێوی ڕۆژانە چەشتووە، بە زیندوویەتی هیچ كەسێك لەو خزم و برادەر و ناسیاوە كوردانەی كە ڕووی لێیان كردووە فریای نەكەوتوون، چونكە ئێمە هەمیشە وا بووینە (زیندوو كوژی، مردوو پەرستین) بۆیە وا دەڵێم چونكە كۆمەڵێك برادەر و دۆست و خزم لە ولاتە جیاجیاكانی ئەوروپا بە تایبەتیش لە بەریتانیاو هۆڵەندا و سوید بە گێڕانی پرسە و لە دواداچوونی ڕێ و ڕەسمی ناردنەوەی تەرمی جوانەمەرگ بۆ ئێمە جێگای سەر بڵندی و سێبووریەكی گەورەبوو، بەشێكی زۆری خەم و پەژارەی ئێمەیان ڕەواندەوه و ڕێز و حورمەتێكی گەلێك زۆریشیان لە گیانی پاكی برای جوانەمەرگمان نا بە تایبەتی گروپی كاركردنی شەو و ڕۆژ بۆ ناردنەوەی تەرمی پاكی جوانە مەرگ بەڕێزان (د. ادریس هادی، شەمسەخان، عدنان كۆچەر، خدر سورچی و بەختیار مام شێخ) هەروەها هەموو ئەو هاوڕێیانەی كە خەم خۆری ناردنەوەی تەرمەكەی بوون بە تایبەتی (علی محمود، د. رفیق سابیر، د. كمال میراودەلی، قادر نادر، كریم سەركەش و زێرۆ و

www.kurdistannet.org
15/07/2003 12:36

هاورێیانـی دیکەمان هـەروەها هاوکاری ناوەندی هەلەبجە C. H. A. K هەروەها هەر سێ سایدی دەنگەکان و کوردستان نێت و بروسـکە وچاك و نوێنەرانـی حـزب و رێکخـراوە کوردسـتانیەکان لـە لەنـدەن و کەسایەتیە کوردیەکان و سەرجەم کوردان لەبیر ناکرێن.

بەبەشـداری کردنـی نـزیکەی چـوار سـەد کـەس لـە پەنابەرانـی کـورد و عیراقـی لـە بەریتانـیا لە شەوی هەینی ٧/١٠/ لە مزگەوتـی (ریجـن پـارك) لـە سـەنتەری لەنـدەن مەراسـیمی شوشـتن و نوێژ کردن لەسەر تەرمی پاکی کاك (عبدالواحد) ی جوانە مـەرگ بەرێوەچـوو پاشان هەمان شەو بەرەو یەکێ لە فرۆکە خانەکانی لەندەن بەرێ کەوت بۆ ئەوەی کۆمپانیای (ئەلعەرەبی) لە رێگای هێلـی ئاسمانـی تورکیا ئەرکـی ناردنـەوەی بۆ شاری دیار بەکر لە ئەستۆ بگرێ دیارە ئامادەی هاورێ عەدنان کۆچەر لەبەر چاوە کە ویستی یاوەری هێنانەوەی تەرمی جوانە مەرگ بکات بەلاَم گرفتی هونەری هاندەر نەبوو.

سـەر لەبەیانـی هەینـی رێکەوتـی ٢٠٠٣/٧/١١ تەرمـی پاکـی جـوانە مـەرگ بـۆ هـەتا هـەتای ماڵئاوایـی لـە بـرادەر و خۆشەویستانی کـرد و، شاری لەندەنـی دلڕەقـی جێهێشت ئـەم جارەیـان بـەرێگای تـرس و دلێ راوکـێ توخوب و چیا و دەریاکانی نەبـری، بـەلاَم لاشـەیەکی سـارد و بـێ خووسـت فریشـتە ئاسا تاریکسـتانی ئاسمـان بـە نـێو هـەورەکان کەوتـە مەلـەو، لـە شـاری ئەسـتەنبول پاشـان لەسـەر خاکـی کوردسـتان و لەشـاری دیـار بەکـری سـەر گەش لە باوەشی کوردان دەگیرسێتەوە، بەلاَم داخەکەم کەس ناناسێتەوە خاك و ئاوی (ئامەد) بۆ جوانە مەرگ هیچ تام و بۆیەکیان نابێ.

هـونەرمەندی حەیـران بـێژ (دلشاد پیرداود) کە دەکاتە کورە خالێ جوانە مەرگ دوبارە لە هەولێرە وە دەگەرێتەوە دیار بەکر و، بە کۆلێ پشت تەرمە جوانەکەی کاکە واحد بۆ پلە خەجی`ی برا و خزمانی دێنێتەوە.

کـات ژمێـر ١١/شـەممە٢٠٠٣/٧/١٢ تەرمـی جـوان و بـێ گـەردی کاکـە واحـد دەگاتـە ابـراهیم خلیـل و، لـە رێی و رەسمێکی بەرچـاو، کاروانی هێنانەوەی تەرمی جوانە مەرگ بەرەو شاری موسلی رزگار کراو و پیرە هەولێر شۆر دەبێتەوە، بەلاَم کاکە واحد کـە هەمیشـە حـەزی ئـەو بـۆ هاتـنەوە و جارێکـی دیکە دیتـنەوەی کوردسـتان و شاد بوونەوە بە دایك و خێزان ئۆقرەی لێبریبوو کەچی وا لە خەوێکی قورس و ئەبەدی دایە و بە خەبەر نایێ... بە خەبەر نایێ .

کـات یـەك و نـیوی پـاش نـیوەرۆیە بـە کاتـی هەولێـر ژمـارەی ئـەو ئۆتۆمبـێلانەی کە لە دەروازەی هەولێـر — کەلەك بۆ پێشـوازی کـردن لـە تەرمـی کاکـە واحـد هاتـوون هـەروا درێـژ دەبـێ. درێـژ دەبێ، هەولێر و قەلاَو منارە بەقەد گەورەیی ئاسمان چاویان کـردۆتەوە، خـەم خۆرانـی شـار و حەشـامەتێکی زۆر لـە گـەورە و بچوکی گەرەکـی سـەیداوە دەزانـن هەنـووکە لە ناکاورا، میوانێکـی ناوەخـت لێیان پەیـدا دەبـێ و یەکسـەر دەچـێتە نـێو مالَـی دایـە (خەجێ) ، بەلاَم مێوانی ئەم جارە بە بێ دەنگی و بە ئەسپایی، بێ سلاَو کردن و بێ جانتاو دیاری بۆ منالاَنی گەرەك بە ژوور دەکەوێ و لە باوەشی کەس ئارام ناگرێ. .

دەلێـی گـەرێن. . با لەژێر ئەو دار هەنار و بەهێیە کە بە پەنجە جوانەکانی خۆی چاندوویەتی سەر خەوێك بکا و. . با تۆزێك بحەسێتەوە.

توخـوا خەلکینـە بـە ئاگـای نەهێـنن کاکـە واحـد زۆر مانـدووە... ئـەمن دەزانم لـەو مەفتـەنە نەبـێ خـەوی ئەبـەدی لێناکەوێ. . زۆر ماندووە. . ناحەسێتەوە. .

مرۆڤی گـەورە. . مرۆڤـی هەسـت پـاك و جوان پەرسـت، مرۆڤـی راست گۆو بـە رێـز و حـورمەت. . ئاوها بە گەورەیی دەمـرێ. . هەست و ناخی هەمووان دەتاسێنێ. . ئەوەی رۆژێك یان ساتێك ئەو مرۆڤەی دیتبێ باوەریتان هەبێ خۆشی ویستووە و ئەمـرۆ بـە مەرگـی نـاوەختی ئـەو جوانە مەرگە ئاخ هەلدەکیشێت و فرمێسکان هەلدەرێژێ ... باوەریتان هەبێ نەکەوتوومەتە بـەر سـۆزی برایەتـی و، لـە قسـەکانم زێـدە رۆیـیم نەکـردووە، ئـەمن زۆر بـە قەناعەتـەوە، دەتـوانم بلێم ئەو جوانە مەرگە لەبەر ئـەوەی مرۆڤێکـی هێـندە قـورس و رەوشـت بـەرز بـووە ئـەوە دێنێ بلێم بـۆ مـن چۆن بووە، قبولتان بێ، بۆ ئێوەش کور و برا و، برادەر و هاورێ بێ مرۆڤی گەورە بە مندالی لە دایك دەبێ و... بە منداڵی دەژی و ... بە منداڵی دەمری. . مرۆڤی گەورە!

دواجـار لـە کاتژمێـر (٣) ی پـاش نـیوەرۆ بـە بەشـداری ژمارەیەکـی زۆر لـە خەلکی هەولێر و گەرەکی سەیداوە لە هۆلێ مزگەوتـی گـەرەك و لـە نێو کەشێکی پر لە سۆز و میهری مرۆییدا پەردە لەسەر تابووتی تەرمەکەی لادەدرێ و، دوای حەوت سالێ بـۆ یەکـەمین جار و دواجار دایـە خەجـێ و بـرا و برازا و ئامۆزا و خالێ و خالۆزا و پور و پورزا و خزم و دۆست و برادەران لەو

خەوە ئەبەدیـەی کاکە واحد سەرنجیان دا و، ئای لە و خەوە گرانە، ئای لەو خەوە جوانە، هەرگیز باوەر ناکەی ئەوە مرۆڤێکە و لە خەوێکی قورس و ئەبەدی دایە و جارێکی دیکە بە ئاگا نایەتەوە. . کاتژمێر (٣٠ .٣) ی پاش نیوەرۆ لە رێ و رەسمێکی شایستە و بـە بەشـداری ژمارەیەکی زۆر لـە خەڵکی شار و گەرەکە دێرینەکەی سەیداوە، تەرمی جوان و بێ گەردی کاکە واحد مەزن بەرە و دوا مەنـزڵگای خـۆی بەرێکـرا و لـە گۆرسـتانی گـەورەی (شـێخ ئەحمـەد) بـە خـاك سـپێردرا ئـەو ئارامگایـەی کـە دەیویسـت لـە هەندەران و، پاشان لە باوەش دایك و خێزان و نەتەوەکەی تێدا بسرەوێ. . نەیدیت و !!

دیارە رۆژگار مەرگی ناوەختی پێ رەوا بینی

جارێ زوو بوو براکەم... هێشتا ژیان زۆری وەبەر مابوو

هەزار سڵاو لە گیانی فریشتەیی کاکە واحد و گشت رێبوارانی رێگای ئاسوودەیی و ئازادی

**برای بچوکتان**

**سەلاح مەزن**

**کوردستان – هەولێر**

٢٠٠٣/٧/١٣

کوردستان نێت www.kurdistannet.org